www.kurdistannet.org
01/07/2002 21:20

# تۆ بڵێی نوێنەری حكومەتی هەرێم ، شكاتەكەی تۆمار بكات ؟

ریبوار عارف

لەبەرواری ١٨ / ٦ / ٢٠٠٢دا كۆمیتەی فنلاندی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شاری هیلسنكی كۆڕێكی بۆ بەریز تەها بەرواری نوێنەری حكومەتی هەرێم ڕێكخست، كە لەم كۆبوونەوەدا باسێكی كورتی لەسەر ( (بارودۆخی ئەمرۆی كوردستان وئایندەی ناوچەكە) ) پێشكەش كرا. . . . دوابەدوای كۆتای هێنانی قسەو باسەكەی پاشان بەشدار بووان پرسیارو ڕەخەو سەرنجەكانی خۆیان خستە ڕوو.

لەم كۆڕەدا پاش پێش خستنی شەش تا حەوت كەس بەسەر نۆبەكەی مندا، دواتر پاش پشوویەك برادەران خاتریان گرتین و یەكەم نۆبەتیان دا بە ئێمەو ئێمەش لە فرسەتێكی كورتی حەوت دەقیقەیدا سەرخەتی ڕەخنەو سەرنج وباسەكانی خۆمان بە كورتی خستە ڕوو ، پاشان تەها بەرواری نیزكە بە ٤٠ دەقیقە وەلامی قسەوباسەكانی ئیمەی دایەوە.

وە بە كردەوە پاش ئەو نۆبەتی قسەكردنە ئیتر ئێمە هیچ فرسەتێكمان بەدەستەوە نەما بۆ وەلامدانەوە بە نیگەرانییەكانی تەها بەرواری، بۆیە بە پێویستمان زانی جارێكی تر ئاوڕێك لەقەسەو باس و وەلامەكانی نوێنەری حكومەتی هەرێم بدەینەوە بە تایبەت گرنگی ئەم مەسەلە لەوەدایە كە وەلام و نیگەرانی یەكانی نوینەری حكومەت ڕوو بە قسەو باسەكانی دەرەوەی سالۆنی كۆڕەكە بوو ، واتە سەر وتاری هەفتەنامەی فیدراسیون ژمارە ٣٣ كە لە سایتی كوردستان نیتیشدا بلاوكرایەوە ، كە تایبەت بوو بە دیمانەیەكی تەها بەرواری لە پەیوەند بە بەشدار بوونیان لە كۆنگرەی حیزبی سەوزی سوید كە لە بەرواری ١٦ / ٥ / ٢٠٠٢ دا **هەفتەنامەی گولان** لە ژمارە (٣٨٢) دا بلاوكرایەوە.

## لەم كۆڕەی نوینەری حكومەتی هەریم لە هیلسنكی دا چی ووترا ؟

ئینساف شتێكی باشە ، تەها بەرواری لە سەرەتای كۆرەكەی دا زۆر متەوازحانە قسەی كردو ( (بچوكی خۆی و تیكوشەر تر بوونی بەشداربووانی كۆرەكەی ڕاگەیاند) ) بەلام ئەم تەوازحە تا سنووری ئەو دۆستە گوێڕایەلانە بڕی كرد كە ئەگەر سەرنج و گلەیەكیشیان هەبێت ، ئەوە تەنها قسەی نێو كۆڕەی سالۆنەكەیەو جێگەی نیگەرانی نی یە ، چونكە سنوورە سوورەكان نابەزێنن.

بەلام كاتیك ئەم دۆستەمان هاتە سەر وەلامدانەوە بە ئێمە ، زمانی دیالوك گۆراو تەوازحە بوو بەتوڕە بوون وستایشیش بەسەرزەنشت و دەنگ بەرزكردنەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی كە تەها بەرواری نیگەران كردبوو تەنها قسەو باسی نیو كۆرەكە نەبوو، هەر بۆیە وەلامدانەوە بەو بەشەی قسەو باسەكەی ئێمە زۆر بۆی جێگەی تیاڕامان نەبوو، پێم وابێت تەنها مەسەلەیەك كە سەرپێی ئاماژەیەكی پێ كرد كۆبوونەوەكانی ئێمە بوو وەك فیدراسیون لەگەل وەزاری هیجرەی سویدو جیگرەكەیدا، كە لە وەلامدا پیی ووتین ( (. . . ئێوە كۆبوونەوەتان لەگەڵ وەزارەتی هیجرەی سویدا نەكردوە. . .) ) كە من ئەمەیان جێ دەهلێم بۆ بەشێكی زۆر لەو هەزاران پەنابەرەی كە حكومەتی سوید بڕیاری دیپورت كردنەوەیانیداوە بۆ كوردستانی ئازادو ئاسایش ، جگە لەمەش لە ڕاستیدا ئەو ئاستە لە فەرهەنگی سیاسی بە شیاوی خۆم نازانم كە بە زمانێك قسە بكەم بمەوێ بۆ نۆینەری " حكومەتێكی" بسەلمێنم كە ئایا من ڕاست دەكەم یا ئەو ؟

ئەگەر هەر كەس و لایەنیكیش نیگەرانە بە بیستنی هەوالی لەو چەشنە كە پیشتریش لە هەندێ لە سایت و رادیو بلاوكراوەكاندا ڕاگەیەنراوە، ئەوا دەتوانیت ناڕەزایەتی خۆی لەبەرامبەر بە دەزگاكانی ڕاگەیاندا دەربڕێت.

## ٤٠ دەقیقە وەلام و تورە بوونی نوێنەری حكومەتی هەرێم لەسەر چی بوو ؟

وەك ئاماژەمان پێ كرد، نوێنەری حكومەتی هەرێم كوشتەی نیو هەمانەكە بوو ، نیگەرانی یەكانی لە شوێنكی ترەوە سەرچاوەی گرتبوو، كە لە قسەو باسەكانیدا چەند جارێك ئاماژەی پێ كرد. . ووتی ( (. . . ریبوار عارف وتاریكی نووسیوەو دەڵێت. . . كە پێم گرنگە وەلامی خۆی پێ بدەمەوە چونكە قسەو باسەكانی ناواقین. .) ) وەك ووتمان ئەسلی نیگەرانییەكەی بەرێزیان دەگەریتەوە بۆ ئەو وتارەی كە پیشتر ئاماژەمان پێ كرد. كە دیاربوو پێشتر وتارەكەی ئێمەیان زۆر بەدیقەتەوە خوێندبووەو پێش وەخت خۆیان بۆ وەلامدانەوەی ئێمە ئامادە كردبوو. نیگەرانی ئەم بەرێزە لەو وتارە بەڕادەیەك بوو كەئەگەر لەبەر هەندێ سەرقالی وكێشەی نەخۆش كەوتنی مندالەكەی. . . . نەبوایە دوور نەبوو شكاتنامەیەكمان لەسەر تۆمار بكات. كە بەشێكی نەكردنی ئەم كارەشی گەراندەوە بۆ شێوازی تایبەتی خۆی لە پەیوەند بە هەلویستی مخالفینی سیاسی خۆی دا ، وەك خۆی ووتی ( (من

www.kurdistannet.org
01/07/2002 21:20

نامەوێ بە شێوازی توند ڕوو بە ڕووی کەس ببمەوە ، ئەگینا ئەوەی کە ریبوار عارف نووسیویەتی لەم وولاتانەدا خەڵکی لەسەر دادگای دەکرێت. . .) ) .

بینەوە سەر چەند لایەنیکی ئاماژەکانی تەها بەرواری لە پەیوەند بە وتارەکەی ئێمە کە دەلیت ( (. . . . ئێوە هەر خەریکی ئاژاوە گیرین ئەگینا بۆچی شێوازی تر نەبوو بۆ دیفاع کردن لە پەنابەران تەنها ئەوە نەبێت کە چەند لاپەرە لە بارەی نەبوونی ئەمنی‌یەتی لە کوردستانەوە دەربکەن و بلین کوردستان ناوچەیەکی ئاسایش نی یە. . . . .) ) .

من لە ووشەی ئاژاوە گیریەکەیان دەگەرێم چونکە ماوەی ١٢ سالە ئەمە چەکێکی دەستی ئەوان بووە دژ بە ئێمەو هەر مخالفینێکی سیاسی یان و تەنانەت ماوەیەکیش لە بەرامبەر هەر نارەزای دەربرینێکماندا بە تابوری پینجەم لەقەلەمیان دەداین. . . . ئاژاوە گیری زاراوەیەکی کۆنی ئێوەیەو ئەم زاراوە سواوەو ناتوانیت جینشینی رەخنەی سیاسی وەهەلویستی بەرکردەوەی ئێمە بکرێت.

چاکتر وابوو بۆ بەرگری کردن لە خۆتان قسەیەکتان ڕوو بەو خەڵکەی دەرەوەی هۆلی سالونەکە بکردایە.

لەمەش بەدەر بەرێزتان ئاماژەتان کرد بەوەی کە دەکرێت بە شێوازی تر دیفاع لە پەنابەران بکەن ، بەلام لەم بارەوە نەتان ووت چۆن و چ شێوازێك دەتوانیت وەلامی حکومەتی سوید و وولاتانی ئەوروپا دەدریتەوە، کە دەلێن بەپێ ئەو زانیاریانەی کە بە دەست ئیمە گەشتووە کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایشە، . بەدلنیای تەها بەرواری دەزانێت کیشەکە لە چی دایەو بۆ نیگەرانە لە پەردە هەلمالینی ئیمە لەبارەی نەبوونی ئاسایش لەکوردستان، ئەم بەرێزە چاك دەزانێت مەسەلەی بوون ونەبوونی ئاسایش کلیل و ڕۆحی مەسەلەکانەو ئەم وولاتانە لەسەر بنچینەی ادعای ئاسایش بوونی کوردستان دەتوانن شەرعی‌یەت بە گەرانەوەی پەنابەران بدەن.

بەرێز بەرواری لە درێژەی قسەکانی دا دەلێت ( (. . ئەمنی‌یەت بە ریوایەتی کێ ؟. . . بەلی ڕاستە کوردستان مەعەرەزە بە لێکدان و بەم مانایەش دەکرێت بلێن کێشەی ئەمنی‌یەتی هەیە چونکە هێشتا ئەوە بۆ دۆزی کورد مسوگەر نەکراوە کە ئایا مەترسی گەرانەوەی بەعسدا چی دەکەن و چەندە ئەزموونی ئەمرۆی حکومەتی هەریم دەپارێزرێت. . . .) )

دڵنیام لەوەی کەچاوەروانیتان لە حکومەتەکەتان ئەوە نی‌یە کەبلین ئەمنی‌یەت لەڕوانگەی حکومەتێکی مەدەنی و جێ کەوتووە، ئەمنی‌یەت لەڕوانگەی پیناسە جیهانی‌یەکان و ڕێکەوتنامە نیونەتەوەی‌یەکانەوە. . . ئەگینا حورمەت وئاسایشی ئینسانتان تا ئەو ئاستە بەلاوە لاوەکی نەدەبوو کە کەپاش تیرۆر کردنی هەزاران ژن و هەلسورای سیاسی و نووسەرو ئەدیب، پاش لەشکرکیشی هەر رۆژەی وولاتانی ناوچەکەو تەنانەت پاش ئەو نیگەرانی یەی کەخۆتان ئاماژەی پێ دەکەن لەپەیوند بەگەرانەوەی حکومەتی بەعس، ئیتر نەدەبوو بە دوای روانگەی هیچ کەس ولایەنیکدا بگەریتایە بۆ بەئاسایش لەقەلەم دانی کوردستانی عیراق ویا پیچەوانەکەی.

دوا ووشەم لەم بارەوە دەلیم ئەگەر ئەمنی‌یەت بە ریوایەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆشتان بێت لە کوردستاندا ، ئەوا ئاماری تەقینەوەکان و تیرورو کوشتارو ئیرهاب و تۆب باران و تەنانەت شەری ناوخۆی نیوان حکومەتی هەریم وئیسلامی‌یەکان وحکومەتی هەریم و یەکەکە ، حکومەتی هەریم و کوشتاری کومونیستەکان و. . . لە ئاستێکی هێندە بالادایە کە ڕازاندنەوەی ڕاپورتەکانی ئێوە لە بارەی ئازادی و ئاسایش بوونی کوردستانەوە، بۆ ئەم وتانە ناتوانیت لە قەبارەی ئەو تاوان و نائارامی یانە کەم بکاتەوە کە تەنانەت بەرۆك بە ئەندامانی رابەری حکومەتی هەریمیش دەگریت نەك تەنها بە خەلکی ئاسای و بێ دیفاع.

درێژە بە قسەکانی دەدات و دەلیت : ( (ئێوە هەر لایەنی خراپ و ڕوخساری ناشیرینی کۆمەڵگای کوردەواری نیشان دەدەن. . . کوشتنی کچێکی مندالی ئاوا لە سوید کە کارێکی خراپ بوو ، بەلام لەگەل ئەوەشا ڕۆژانە لەم وولاتانەدا کچان دەکوژرێت و وا بەو شێوەش نابێتە جێگەی قسەو باس و گەورە کردنەوە. . .) )

سەرەتا ئەوە بلین بە نوونەری حکومەتی هەریم کە ئەو کچە واتە ( (فاتیمە) ) مندال نی‌یەو تەمەنی ٢٦ سالە و ئەگەر منداڵیش بێت بەهیواین کە تەنها دەربرینیکی کوت و پری بەیان بیت ، نەك ئەوەی کەهەلویست و کردەوەی فاتیمە منداڵانە بنرخێنرێت ، یا جیاوازی " تەمەن " بکەنە بەهانەی ژێرپێ خستنی ماف وئازادی یەکانی منداڵان ، یا " خوا نەخواستە " بەکارهێنانی ئەم بەیانە تەعبیر بیت لە ڕوانگەی گەورە سالاری بەرێزتان.

دواتر قسەی ئێمەو بزوتنەوەکەمان ئەوە نی‌یە کەلەم وولاتانەدا هیچ کەسانێك ناکوژرێن وکێشەیەکی تیدانی‌یە، بەلکو جیاوازی یەکە ئەوەیە کە لەم وولاتانەدا یاساو لێپرسینەوەو دادگای کردن هەیەو تەنانەت هەندێ جار کەسانێك ڕادەکێشنە پای دادگای کردنەوە کە گومانیان لەسەربێت کە تاوانیکیان کردوە ، بەلام لە حکومەتەکەی بەرێزتاندا لە دە سالی ڕابردودا ناتوانی دە نموونەی ئەو کەسانە بژمێریت کە سەدان و هەزاران ژنیان تیرۆر کرد، لە سایەی حکومتەکەی بەرێزتاندا ئەمرۆ ڕێگە خۆش بووە بۆ ئەوەی کە باوکانی نامووس پەرست کچانی خۆیان لە ئەورووپاوە بەهەر هەرەشەو فرییووکاری‌یەك بووە ببەنەوە بۆ کوردستان تا لەسایەی

ڕەحمەتی بێ یاسای ونەپرسینەوەی حکومەتەکەی ئیوەدا، کچانی لاو سەرنگون بکرین و بیان کوژن، چونکە دڵنیان کە حکومەتەکەی ئێوە خۆمانی یەو ( (باوك هەر بریار دەرو کوێخای خێزان و دەستەلاتداری متلەق ودەست ئاوەڵەیە بۆ هەر ئیجرائاتیك لەبەرامبەر مندالەکانی دا) ) ، تالاوی ئەم تراژیدیایە لەوەدایە کە پاش ١٢ سال وەدەرنانی بەعس ، هێشتا لەلایەن ئیوەوە یاساکانی ڕێزی لێ دەگیرێت و کاری پێ دەکرێت. کارەساتەکە ئەوەیە کە لەباشترین حالەدا خەڵکی دادگای کردنی ئێوەی دی کە چۆن پاش کوشتنی پیلا ، باوکیتان بە ( (یەك سال) ) سزا مەحکوم کرد، لە کاتێکدا براکانی باوکی پیلا کە تەنها دەستیان لە دارشتنی پیلانی کوشتنی پیلادا هەبوو، دادگای سوید گەورەترین ئاستی سازی دابەسەریاندا، ئەمەیە ئەو جیاوازییە ڕیشەیەی نیوان کۆمەلگایەکی مەدەنی و ئەو ساحەی بەرهودەی کە ئەگەر هەر شتێك تێدا مانای هەبێت ، ئەوا یاسا لە بێ مانایدا ڕەنج دەبات.

تەها بەرواری زۆر پێی لەسەر تونډڕەووبوونی ئیمە دادەگرت، تا لەسایەی تارمای ئەم چەمکەدا شەرعیەیەت بدات بە " میانەڕەوی" خۆی. . . . بۆیە بەپیویستم زانی کە بڵێم پەنجەتان ناوەتە سەرخال وئەوەی دەیلێن ( (دروستە) ) و دلنیاین کەئەمەش یەکێکی ترە لەنیگەرانیيە جدیيەکانی ئێوە لەپەیوەند بە هەلویستی ئیمەدا. بۆیە خراپ نیيە بڵین دلنیابە ئەم بۆچوونەتان بەسەرزەنشت و تۆمەت وەرناگرین ، " بە راستی باشمان دەناسن " بۆیە ئیمەش دووپاتی دەکەینەوە ، ئەگەر تەنها جاریك کە بۆ دواین جاریش بیت جێی خۆیەتی کە لە زمانی خۆمانەوە بیبستن وپیتان وانەبیت خالی لاوازی ئیمەتان خستووەتە ڕوو، ئەگەر قسە لەسەر چارەنوسی ئینسان و پێ داگرتن لە ماف و ئازادی یەکانی بیت بەڵی ئیمە تونډڕەوین ، ئەگەر قسە لەسەر ئازادی بەرابەری ئینسان و یەکسانی ژن و پیاو بێت بەڵی ئێمە تونډڕەوین، ئەگەر قسە لەسەر داکۆلی کردن لە مافەکانی مندالان ولاوان بێت بەڵی ئێمە تونډڕەوین ، ئەگەر قسە لەسەر ڕاوەستانەوەو پەردە هەڵمالین لە زوڵم و ستەم و نابەرابەی بێت بەڵی ئێمە تونډڕەوین، ئەگەر قسە لەسەر هەڵپێچانی یاساکانی بەعس بیت لە کوردستان بەڵی ئێمە تونډڕەوین. . . . ئەگەر قسە لەسەر بەرژوەندی و ژیانیکی باشتر بیت بۆ کریکاران و زەحمتکێشان بەڵی ئێمە تونډڕەوین ، . . . . ڕەنگە ئەمانە لەسایەی نەزیمی نوێی جیهانیدا زیاتر جێگەی سەرسوڕمان یان قوستنەوە بیت بۆتان و وەك بەهیمای سەرچلی و ناپوختەگی و قسەی کتێب. . . لەقەلەمی بدەن. بەلام لەلای بزوتنەوەکەی ئێمە ئەمانە ڕەمزی ناسینەوەی ئینسانی بوونی هەڵویستی ئێمەو داینەمۆی درێژە پیدانی خەبات و تیکوشانی ڕۆژانەمانە.

لەکۆتایدا دەمەوێت بڵێم کە تاکاتێك کە بەڕێزتان نوێنەری حکومەتی هەرێمن نە نەخۆش کەوتنی مندالەکان ونە تورەبوونی نیو سالونەکان ناتوانێت پاکانە بۆ بەشداربوونی حکومەتی هەرێم بکات لەپەیوەند بەدیپورت کردنەوەی پەنابەران، بۆیە چاکتر وایە ئەگەر قسەیەکتان بۆ بەرگریکردن لەخۆتان هەیە ئەوا ڕووبەو خەلکە بیکەن و ئەگەر هەر پێتان وایە کە ئێمە ئاژاوەگێرین و قسەکانمان ناواقین، ئەوا بەهیوام لە فرسەتێکدا کە سەرتان پەرژا، شکاتنامەی خۆتان تۆماربکەن لەسەرمان، دڵنیابە لەم وولاتانەدا یاسا لەهەر کردەوەیەکی نایاسای دەکولێتەوەو ئێمەش درێژە بەهەڵوێستی خۆمان دەدەین، ئەوەی کەسەرئەنجام دادگا کێ تاوان بار دەکات لێ گەڕێ با ماف و پرانسیپەکانی کۆمەلگای مەدەنی لە چوارچێوەی یاسا ڕەوەندی خۆی بگرێتە بەر ، ئەو کاتە لە راستیيە تێدەگەین کە تامی شیر برنج لە چەشتنەکەیدا. دڵنیابە پراتیکی ئێمەش تا ئەو کاتە هەر پێداگرتن دەبێت لەسەر ئەوەی کەبڵێن : ( (کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایش نی یە) ) !

٢٨ / ٦ / ٢٠٠٢